ئاین (ئایندارى) ئاسانە، هەرکەسێک ئایندارى لەسەر خۆى گران بکات وبە زیادەڕەوى وزۆر بە تووندى بیگرێت؛ ئەوا ئاینەکە کۆڵى پێدەدات

لە ئەبى هوڕەیڕەوە -ڕەزاى خواى لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئاین (ئایندارى) ئاسانە، هەرکەسێک ئایندارى لەسەر خۆى گران بکات وبە زیادەڕەوى وزۆر بە تووندى بیگرێت؛ ئەوا ئاینەکە کۆڵى پێدەدات، جا بۆیە ڕێگاى ڕاست بگرن وئەوەندەى بۆتان دەکرێت لە ئەنجامدانى چاکەکارى درێغى مەکەن، وموژدەتان لێبێت، وتێبکۆشن بۆ خودا پەرستى لە بەیانیان وپاش نیوەڕوان وکاتێك لە شەواندا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتى کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئاینى ئیسلام لەسەر ئاسانکارى بنیات نراوە لە هەموو شتێکیدا، وئەم ئاسانکاریە زیاتر جەختى لەسەر دەکرێتەوە لەکاتى بێ توانایى وپێویستى، چونکە قوولبوونەوە لە کاروبارە ئاینیەکاندا ودوورکەوتنەوە لە نەرمونیانى سەرەنجامەکەى بێ توانایى وپچڕان دەبێت لە هەموو کردەوەکە یان هەندێکى، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاموژگارى کرد بە میانڕەو بوون وزیادەڕەوى نەکردن؛ بۆیە نابێت بەندە کەمتەرخەم بێت لەوەى فەرمانپێکراوە، ونابێت ئەرکێك بخاتە سەرشانى خۆى کە لە توانایدا نەبێت، ئەگەر نەیتوانى کردەوەکە بە کامڵى ئەنجام بدات؛ ئەوا هێندەى ئەنجام دەدات کە لە توانایدایە ولە کامڵێتى نزیك دەبێتەوە. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدەى دا بە پاداشتى زۆر لەسەر کردەوەى بەردەوام ئەگەرچیش کردەوەکە کەم بێت دەرهەق بە ئەوانەى ناتوانن بە کامڵى ئەنجامى بدەن؛ چونکە ئەگەر خۆى هۆکار نەبێت بۆ بێ توانایى ئەوا پاداشتى کەم ناکرێتەوە. ودونیا لەڕاستیدا شوێنى سەفەرکردن وگواستنەوەیە بەرەو قیامەت بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە بەردەوامبوون لەسەر پەرستنەکان بەتایبەتى لەو سێ کاتەى مرۆڤ تێیاندا چالاکە: یەکەم: بەیانى: بە ڕۆیشتن لە نێوان نوێژى بەیانى ودەرچوونى خۆر. دووەم: پاش نیوەڕوان: بە ڕۆیشتن لە پاش زەوال -پاش لادانى خۆر لە نیوەى ئاسمان-. سێیەم: شەوان: بە ڕۆیشتن لە هەموو شەودا یان لە هەندێکیدا، چونکە کردەوەى شەو قورسترە لە کردەوەى ڕۆژ بۆیە فەرمانیکردووە بە ڕۆیشتن لە بەشێکیدا کاتێك دەفەرموێت: (وکاتێك لە شەواندا).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5795